# زمان و شێوەزارەکان
# چەند سەرنجێك لە سەر فەرهەنگی مەلیخا

***سەدیق سەعید رواندزی***

**چاپی یەکەم**
**2011**



**لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما**
**زنجیرەی(106)**
**سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی چاپی کتێب**
**ئیسماعیل کوردە، رێبین رەسوڵ**

**ناوی کتێب: زمان‌وشێوەزارەکان چەند سەرنجێك لە سەر فەرهەنگی مەلیخا**
**بابەت: لێکۆڵینەوە**
**نوسینی: سەدیق سەعید رواندزی**
**بەرگ: سەرکەوت وەلی**
**دیزاینی : نما**
**چاپی یەکەم: هەولێر/ کوردستان**
**تیراژ: 500 ، نرخ: 1000 دینار،**
**چاپخانە: شەهاب**

**مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە**

شێوەزارەکان,شێوازێکی دیکەی ئاخاوتنی زمانەوانی تایبەتە بەژینگەیەکی جوگرافی‌وشوێنگەیەکی کۆمەلایەتی دیاریکراون,کەهەڵگری تایبەتمەندی دیموگرافی‌وکۆمەلایەتی‌وجوگرافین.ئەم دیاردەزمانەوانیە دیاردەیەکی جیهانیەولەزۆربەی کۆمەلگاکانی دنیا بوونی هەیە .واتەلەپاڵ زمانی ستانداری فەرمی‌ونەتەوەیی کەزمانی کۆی نەتەوەیە لەنووسین‌ودەربرین,چەندزمانێکی بچوکی تریش هەن کەگوزارشت لەپێکهاتێکی ئەتنیکی دەکەن‌وبەشێوەزاریان زمانی ناوچەیی ناودەبرێن کەپێکهاتێکی ئەتنیکی‌وئەتنۆگرافی دیاریکراوقسەی پێ دەکەن‌وپێ ی دەناسرێنەوە .گەرچی لەئاستی فەرمیدا شێوەزارەکان ناچنە خانەی زمانی فەرمیەوە ,بەوپێیەی زمانی خوێنەوەو نووسینی کۆی کۆمەڵگا نیە , وەلێ لەئاستی ناوچەو شوێن‌و پێگەیەکی جوگرافی دیاریکراو و تارادەیەکی



سەربەخۆئەوشێوە زمانانە بەرجەستەدەکرێن لەدووتوێ ی دیالۆگی رۆژانەی نێوان دانیشتوانی شوێنەکە.ئەوشێوەزارانەش لەزۆر رووەوە لەیەکتری جیاوازن وەك(دەربرین‌ونووسین)لەکاتێکدا ئەگەربەگشتی هەموویان بەیەکەوە لەژینگەو شوێنێکی نزیك لەیەکتریش بن.بۆنمونە:لەرووی جوگرافیەوە هەریەك لەشارۆچکەکانی (رواندز_وەرتێ_باڵەکیان) ئەوەندەلەیەکتریەوەدوورنین,کەچی دانیشتوانی ئەوشوێنانە هەریەکەوشێوەزاری تایبەت بەخۆیان هەیە کەهەرتەنها بەقسەکردنێکی ئاسایی دەتوانین بیان ناسینەوە و لەیەکتریان جیابکەینەوە,بێگومان ئەمەش سروشتێکی زمانەوانی تایبەت بەو ناوچانەیە.

شێوەزارەکان رەنگە لەئاستی ناوچەیی‌وپەیوەست بەپێکهاتێکی ئەتنیکی دیاریکراو,گرنگی خۆیان هەبێت وهەڵگری تایبەتمەندی زمانەوانی خۆیان بن, وەلێ لەئاستی ناسیونالیزمی‌وزمانی

ستانداروئۆرگینالدا ,شێوەزارەکان دەبنە هۆی پەرتبوون و لێکترازان و نەبوونی یەك زمانی ستانداری نووسین و دەربرین کەئەمەش بۆنەتەوەیەکی وەك ئێمە کەتاکوئێستا قەوارەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆمان نیە رەنگە زیانی هەبێت, چونکەئەوشێوەزارانە دەبنە بەربەست بەهۆی مانەوەیان لەوەی بتوانرێت یەك زمانی نەتەوەیی (ستاندارویەکگرتوو) هەبێت.وەك ئەوەی ئەمرۆ لەپانتایی رۆشنبیری کوردی دەیبینین. وەلێ وێرای هەمووئەمانەش شێوەزارەکان بەدیاردەیەکی( زمانەوانی_ناوچەیی) جوان دائەنرێن کەگوزارشت لەبونیادی زمانەوانی و دەستەواژەیی لۆکاڵی خەڵکی شوێنەکە دەکەن و ئەوانیش مانەوەوپارێزگاریکردن لەوشێوەزمانەی تایبەت بەخۆیان بەلاوەگرنگە,چونکە وەك مۆرکێکی کۆمەڵایەتی و ئەتنیکی تایبەت بەخۆیان دایئەنێن.ئەگەر چی



بەشێك لەوشێوەزارانەبەهۆی گەشەی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنەکانی سەردەم نەماون ولەچوارچێوەی زمانی ستانداری نەتەوەیی تواونەتەوە وەلێ لەهەندێك جێگەوشوێن و ناوچەدا تاکوئێستاش بەردەوامیان هەیە دیارە ئەم مانەوەیەش بەشێکی ئەگەر بۆدووری و لاتەریکی وجوگرافیای ناوچەکە بگەرێتەوە ,ئەوا بەشێکی تری بۆبەکاربردن و پەیرەوکردنی خودی ئەو شێوەزارەدەگەرێتەوە کەوەك هێمایەکی مێژوویی وفەرهەنگی ناوچەکە ,بەلایانەوە دیاردەیەکی جوان و جێی شانازیە.بۆیە دەبینین لەهەندێك شوێندا بەرادەیەکی واپەیوەستن بەوشێوەزارانە وگرنگی پێ دەدەن کە هەرتەنها بەدەربرین و دیالۆگ دەتوانین ناسنامەی ئەو کەسە بزانین کەدانیشتووی کام شاروشوێنە ,ئەمە زۆرجار لەبارە ی خەڵکی (رواندزەوە) دەبینرێت.

شێوەزارەکان خاوەنی ڕێساو بنەمای زمانەوانی تایبەت بەخۆیانن کەلەڕووی فۆنەتیكو فۆنیمو مۆرۆفۆلۆژیو سینتاکسەوە لەیەکتری جیان. بەشێك لەو وشانە تایبەتن بەفەرهەنگی ئەو شێوەزارانەو لەهەندێ باری زمانەوانیدا لەڕووی نووسین وەك یەك وان, بەڵام لەواتادا جیاوازن ,یاخود دەستەواژەیەکی دیاریکراوە بەڵام بۆچەندین مەبەستو ناساندنی -هەمەجۆرو جیاواز بەکاردێن. وێرای ئەوەی ئەوشێوەزارانە هەنێکیان هەرتەنها تایبەتمەندی لۆکاڵی خۆیان هەیە,واتە وشەو چەمکەکان تەنها تایبەتن بەوشوێنەو لەدەرەوەی جوگرافیای ئەو شوێنە بەکار ناهێنرێن. کەواتە شێوەزارەکان ئەوەندەی ماناو ڕەهەندێکی لۆکالیان هەیە ,ئەوەندەرەهەندێکی نەتەوەیان نییە, بەومانایەی ئەوشێوەزارانە ڕەنگە لەئاستی نەتەوەییوزمانی ستانداردا گرنگیەکی ئەوتۆیان نەبێت بەڵکوتەنها ئامرازێکە بۆ(قسە)پێ



کردنوگۆڕینەوەی ڕازومەبەستودیالۆگی نێوان کەسەکان لەشوێنێکی جوگرافی دیاریکراووتایبەتدا .بەڵام لەگەڵ ئەمەشدادیاردەیەکی جوانەکەخەڵكودانیشتوانی ناوچەکە لەپاڵ شانازیکردن بەشێوە زارەکەیان ,هاوکات هەوڵیش دەدەن پارێزگاری لێبکەنو,وەك سەرمایەکی ڕۆشنبیریوفەرهەنگیوزمانەوانی خۆیان بەزیندوویی بیهێڵنەوە.
لەڕاستیدا ڕەنگەئاسان نەبێت لەڕووی مێژوویەوە سەرچاوەو ڕەگەکانی دروست بوونی ئەو شێوە زارانە دیاری بکەین ودەست نیشان بکەین ,چونکە دروست بوونیان وابەستەیە بەچەند دیاردەیەکی کلتوریو زمانەوانیو جوگرافیو ئەتنیکیو سروشتیەوە, وەلێ دەکرێ بڵێین شێوەزارەکان لەڕووی سەرهەڵدانیان دەکەونە پێشەوەی زمانی ستانداری نەتەوەیی. بەدەربرینێکی تر ڕەنگە زمانی ستانداری هەرنەتەوەیەك

لەسەرەتادا شێوەزاربوبێت,دواترلەدەرەنجامی پرۆسەیەکی دوورودرێژی چەکەرەکردنی مێژوویی‌وکۆمەلاّیەتی بوەبەزمانی ستاندارد.بەوپێیەی گروپ‌وپێکهاتە ئەتنیکیەکان لەسەرەتادا پێکهاتێکی کۆمەلاّیەتی بچوك‌وسنورداربوونە دواتر بەهۆی کرداری زۆربوونەوە بونەتە پێکهاتێکی گەورەترکەبەنەتەوە ناوزەد دەکرێت,لێرەوەش نەتەوەییبوون شوناسی خۆی لە شوناسی گەورەترین پێکهاتی ئەتنیکی وەرگرتووە ,دواتریش شێوەزاری ئەو پێکهاتە بووە بەزمانی سەرەکی‌وبنەرەتی دەربرین لەکۆمەلّگەدا.



## شێوەزاری رواندزیان

بێگومان شێوەزاری رواندزیان ,دەتوانین بە یەکێك لەوشێوەزارانەی دابنێین کە(رواندزیەکان)ی پێ دەناسرێنەوە بەومانایەی لەدەربرین‌وفۆنەتیکدا تایبەتمەندی زمانەوانی خۆی هەیە ,وێرای ئەوەی کەلەرووی وشەو دەستەواژەی زمانەوانیشەوە چەند بونیادێکی زمانەوانی تایبەت بەخۆی +هەیە . ئەم تایبەتمەندیە زمانەوانیە وای کردوە بەئاسانی (رواندزیەکان) بناسرێنەوە کاتی لەگەلّ کەسێکی دیکەی جیا لەخۆیان دەکەونە ئاخاوتن‌ودیالۆگ.هەلّبەتە رەنگەئاسان نەبێت بتوانین مێژووی پەیدابوونی شێوەزاری تایبەت بەرواندزیان دیاریبکەین, بەلاّم دیارترین بۆچون لەم روەوە کەدەکرێ پشتی پێ ببەستین وبیکەینە بنەمایەك بۆ دیاریکردن‌و دروست بون‌وسەرهەلّدانی شێوەزاری رواندزیان, ئەوەیە کەرواندزلە رووی جوگرافیەوە تارادەیەك

سێگۆشەیەکی هاوسنووری نێوان وڵاتانی دەوروبەرمان بوە وبەوهۆیەشەوە شوێنگەی هاتوچۆوکاروانسەرای پێکهاتە ئەتنیکیە جیاوازەکان بووە.هەر یەك لەو پێکهاتانەش بەوپێیەی لەرووی زمانەوانی لەیەکتری جیابووینە ,بەوهۆیەوەو لەدەرەنجامی ئەوبەیەکداداچونە کۆمەڵایەتیەوهاوکات کاریگەریەتی شێوەزمانەکان لەسەر یەکتری‌وتێکەڵاوبونیان بۆتەهۆی ئەوەی کەشێوەزاری رواندزیان سەرهەڵبدات کە شێوازێکی زمانەوانی تایبەت بەخەڵکی رواندزە. بەتایبەتیش پێدەچێت رواندز لەرابردوودا نێوەندێکی ئابووری‌وبازرگانی ئەودەڤەرەبوبێت‌و هاوکاتیش نزیکە لە زمانی کرمانجی سەرووکەئەمەش رۆڵ‌وکاریگەریەتی خۆی هەبووە لەدروست بوونی شێوەزارێکی نوێ بۆرواندزیان.بۆیە لەهەڵومەرجی ئێستاماندا هەمیشەدەڤەری رواندزو سۆران وەك سەنتەرێکی فەرهەنگی‌وزمانەوانی‌ودیرۆکی



دیاریدەکرێت کە بشێ بکرێتە زەمینەو شوێنگەی سەرهەڵدانی زمانی ستانداری کوردی , دیارە ئەمەش لەوروانگەیەوەیە کە دەڤەری سۆران لەرووی جوگرافی‌و تۆپۆگرافیەوە هەڵکەوتەیەکی نزیکی لەدەڤەری بادینان هەیە بۆیە دەکرێ ئەمە بکرێتە بنەمایەك بۆکۆنتاك کردنی هەردووشێوەزاری کرمانجی سەرووخوارو تێکەڵکردنیان‌و دروستکردنی زمانێکی ستانداری نەتەوەیی کوردی , کەکۆی نەتەوەی کورد بەرجەستەی بکات لەنووسین‌و دەربریندا .تەنانەت تا ئێستاش بەشێك لەوشەودەستەواژەکان کەلەشێوەزاری رواندزیان هەیە بەهەمان شێوە لەزمانی بادینیش دەبینرێت,کەئەمەش نیشانەی ئەوەیە زەمینەیەکی نزیك وهاوبەش هەیە کەبکرێتە بنەمایەك بۆدروست بوونی زمانی ستانداری کوردی.

بێگومان مانەوەی شێوەزاری رواندزیان بەدرێژایی مێژووی شاری رواندزوەك تایبەتمەندیەکی فەرهەنگیوکلتوری خەڵك ئەگەر بەدیوێکدا بۆسروشتی جوگرافی ئەوشارە بگەرێتەوە کەسروشتێکی سەختولاتەریكوپەراوێزی هەیەودەتوانێ پارێزگاری لەتایبەتمەندیە دیرۆکیەکانی خۆی بکات لەهەمووروێکەوە,ئەوا لەسەرێکی تر بۆبەرجەستە کردنی ئەوشێوەزارەو پابەندبوونی رواندزیەکان بۆ زمانەکەیان دەگەرێتەوە کەنەك هەر جێ ی شانازیە بۆیان,بەڵکو پشت کردنە ئەوزمانەش لەلایەن کەسانێکی تر بەخەوش دەزانن بەتایبەتیش بۆئەوانەی کەرواندز جێدێڵنولەشوێنێکی تر نیشتەجێ دەبن.لەلایەکی ترەوە لەدووتوییێی شێوەزاری رواندزیان چەندین چەمكودەستەواژەودەربرین هەن کەتەنها لەشێوەزاری رواندزیان بوونی



هەیە ,وێرای چەندکردارێکی دیکەی زمانەوانی پەیوەست بە(رێزمان)کەلەفۆنیمودەربریندا دەردەکەوێت. دیارە مانەوەی ئەوشێوەزارە لەبەر هەرهۆیەکەوەبێت دواجار بەیەکێك لەتایبەتمەندیە جوانەکانی کلتوری خەڵکی رواندز دائەنرێت ورادەی وابەستەبوونی تاکەکان دەگەیەنێت بەبنەما کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیەکانی خۆیان,بەتایبەتیش لەسەردەمێکدا کەتادێت مۆدێرنەوگلۆبالیزم تەنگ بەتوخمە راستەقینە نەتەوەیەکان هەلدەچنێتوبوارێك بۆنەتەوەییبوونی تاکەکان نەماوەتەوە بگرە هێندێکیان پشت لەوەچەی دێرینی خۆشیان دەکەن . بەومانایەی لایان شورەیە مرۆڤ پەیوەست بێت بە جلوبەرگوشێوەزمانوترادیسیۆنی لۆکالیانەی خۆیان,لەکاتێکدا هێندە بێ ئاگان نازانن ,کاڵبونەوەی ترادیسۆنە نەتەوەییو لۆکاڵیەکان سەرەتاودەسپێکی هەرە ترسناکە بۆنەمانوسرینەوەی

یەکجارەکی بنەما نەتەوەیەکان . بەداخەوە لەئێستادا کۆی تایبەتمەندیە نەتەوەیەکانی کۆمەلگای کوردی لەبەردەم هەڕەشەیەکی هەرەگەورەدان تائەورادەیەی خەریکە زمانی نەتەوەی کوردیش بەرەو کالّبونەوەدەچێت چ جای ئەوەی شێوەزارەکان .گەرچی شێوەزارەزمانەوانیەکان کەمتر بواری کالّبونەوەیان دەبێت چونکە هەرتەنها لەشوێنگەیەکی جوگرافی دیاریکراو بەرجەستەدەکرێنو کەمتر بواری ئەوەیان تیایە بکەونە بەر کاریگەریەتی بنەماکانی گلۆبالیزمو مۆدێرنەبوون..ئەمەش وەك ئاماژەمان پێدا پەیوەستە بەوابەستەبوونی ئەوپێکهاتە ئەتنیکیانە بەشێوەزارەکانیان چونکە مانەوەی زمان بەگشتیو شێوەزارەکانیش بەتایبەتی راستەوخۆ بەندە بە بەرجەستەکردنیان لە چوارچییوەی دیالۆگو دەربریندا.بەمانایەکی تر دەتوانین بلّێین زمان دیاردەیەکی کۆمەلأیەتی گەشە سەندوەو بەردەوام لە



پێشکەوتنونوێبوونەوەو گۆرانکاری دایە لەدەرەنجامی بە گەڕ خستنی لەچوارچێوەی پەیوەندیە کۆمەلأیەتیەکانوتێکەلّبوونی هزریوکلتوری ناسنامە جیاوازەکان لەئاستی نەتەوە یاخود پێکهاتی ئە تنیکی بچوکترلەنەتەوە. کەواتە بۆئەوەی زمانێك یاخود شێوەزارێکی زمانەوانی جیاواز ماکەکانی خۆی بە زیندووی بهێلّێتەوە دەبێ بەبەردەوامی لەدیالۆگودەربریندا بەرجەستە بکرێت, ئەگینا پەراوێزخستنیوبەکارنەهێنانی بە حوکمی زەمەن لەنێو دەچێتوکۆتایی دێت بەمەش یەکێك لەبنەما هەرە دیارەکانی نەتەوە وەك قەوارەیەکی سیاسی کۆتایی دێت کە ئەویش نەتەوەیە.

لەو روانگەیەوە یەکێك لەفاکتەرە هەرە دیارەکانی مانەوەی شێوازارەکان بەگشتی لەدووتوێی فەرهەنگی کوردی بەگشتیوشێوەزاری رواندزیان بەتایبەتی پەیەوەندی بەو

بەکارهێنان‌وپارێزگاریە کلتوریەوە هەیە کەئاماژەمان پێدا .
کاتێ نەوەکان یەك لەدوای یەك تایبەتمەندیە کلتوری‌وفەرهەنگی‌و زمانەوانیەکان بۆیەکتری دەگوازنەوەوئاماژە جوگرافی‌و مێژوویەکانی ئەو ناوچەیە پشتاوپشت دەگوازنەوە ئیدی ئەو شێوەزارەش کە بە شێکە لەوتایبەتمەندیە کلتوریە دەبێتەوە تایبەتمەندی نەوەیەکی تر.بۆیە شێوەزاری رواندزیان بەدرێژای ئەو مێژووە بە زیندووی ماوەتەوە چونکە بەردەوام لەلایەن رواندزیەکانەوە قسەی پێدەکرێت‌و تەنانەت دیارترین ئەو خاسیەتە کۆمەڵایەتی‌و ئەتنیکیەیە کەرواندزیەکان جیادەکاتەوە لە خەڵکانی تر . کاتێ بەئاسانی رواندزیەکان لە تیرەو هۆزو عەشیرەت‌و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دیکەی کوردستان جیادەکرێنەوە, لەبەرئەوە نیە کە شێوازێکی دیکەی کلتوری‌و جوگرافی‌و مێژوویی جیاوازتریان لە خەڵکی دیکەی کوردستان



هەیە , بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە شێوازێکی دیکەی زمانەوانی تایبەت بە خۆیان هەیە کە بە شێوەزاری رواندزیان ناودەبرێت بەرادەیەکی وا لەهەرکات‌و شوێنێك‌و لەلایەن هەرکەسێکەوە دەتوانرێت بە چەند دەستەواژەیەکی زمانەوانی بچوك ناسنامەی ئەو کەس بزانرێت کە رواندزیە. بۆیە دەبینین شێوەزاری رواندزیان هەندێك لایەنی زمانەوانی‌و رێسای دەربرین‌وشێوازی فۆنەتیککردنی وشەودارشتنی هەیە کە بە ئاسانی پێی دەناسرێتەوە.

هەڵبەتە بۆ کەسانێك کەدانیشتووی هەمان ئەو زەمینەو شوێنە بن کە شێوازەرەکەی تیادا زاڵەو قسەی پێدەکرێت‌ورۆژانە دەیبینن‌وگوێبیستی دەبن .پارێزگاریکردن‌وپابەندبوون پێیەوەو لەبیرنەکردنی ئاسانترە لەوەی کەسێك لە شوێنێکی دیکەی جیاواز بژیت. چونکە لەوکاتەدا شێوە زاری ئەو مرۆڤە دەکەوێتە

ژێرکاریگەریەتی زمانی ئەوناوچەیە کە قسەی پێدەکەنو بەردەوامبوونی ئەو پرۆسەیەش دواجار دەبێتە هۆی کاڵبونەوەی شێوەزاری پێشوو. بۆیە دەبینین هەموو ئەوانەی لەتەمەنێکی بچوکدا و لەبەر هەر هۆیەکەوە بێت ژیان دەگوازنەوە جێگەو شوێنێکی تر رووبەرووی زەبری ئەو لە بیرکردنە دەبن چونکە یەکانگیر دەبن لە گەڵ زمانێکی دیکە کە جیاوازە لە هی خۆیان.
بۆنموونە هەموو ئەو (رواندز)یانەی رواندزیان جێهێشتوەو لە شوێنێکی دیکە دەژین , بەئەستەم لەلایەن منداڵەکانیانەوە شێوەزاری رواندزیان دەبینرێت لەکاتێکدا لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە بە پێچەوانەوە هەر قسەی پێدەکرێت چونکە ئەوان مانەوەی ئەو شێوەزارە بە بە شێك لەتایبەتمەندی کۆمەڵایەتیانەو لۆکاڵیانەی خۆیان دەزانن بە لایانەوە نەنگیە دەستبەرداری بن . بگرە لە زۆرکاتدا لەبیرکردنیشی جۆرێك



لەتانەی کۆمەڵایەتیورەخنەی لێدەکەوێتەوە. لەراستیدا هەرئەمەشە تاکەی فاکتەری مانەوەی شێوەزاری رواندزیان لە دوو توێی لاپەرەکانی مێژوودا.
بێگومان قسەکردن بە شێوەزاری رواندزیان تا ئەو چرکە ساتە, بەتایبەتیش کە لەئاستی نووسراودا وەك تێکست هیچ لە مێژوودا نەبوە تاکو ببێتە بەر مەبنای مانەوەی ئەو شێوەزارە. کارێکی گرنگوپربەهایەو ئاماژەیەکە بۆپابەندبوونوشانازی رواندزیەکان بە زمانی لۆکالی خۆیان بەتایبەتیش لەکاتێکدا کەنەك شێوەزار بەڵکو خەریکە زمانی نەتەوەی کوردیش دەکەوێتە بەر هەرەشەی کاڵبونەوەو سرینەوە. بۆیە هەر هەنگاوێك لەم رووەوە بەمەبەستی کۆکردنەوەو ئەرشیڤکردنوزیندووکردنەوەی ئەو شێوە زارە بندرێت جێگەی پێزانینو بە هەند هەڵگرتنە. چونکە مەرج نیە تاهەتایە ئەو شێوە زارانە بە زیندووی بمێننەوە بە تایبەتیش لە

هەڵومەرجێکدا کە بە هۆی گلۆبالیزمەوە نزیکە هەموو تایبەتمەندیە نەتەوەیە کان کاڵببنەوەو نە مێنن.

## فەرهەنگی مە لیخا

فەر هەنگی مە لیخا, فەرهەنگێکی زمانەوانی بچوکی تایبەت بە شێوەزاری رواندزیەکانە, کە کۆکراوەی بە شێکی زۆر لەوشەو چەمكودەستەواژە زمانەوانیانەیە کە تایبەتن بە خەڵکی رواندز. یاخود بەتەنیا رواندزیەکان وەك فۆنە تیك بەکاریدێنن. بە دەربرینێکی تر کۆی ئەو وشانەیە کە بونیادی زمانەوانی شێوەزاری رواندزیانی پێدە ناسرێتەوە . رەنگە بە شێکی کەم لەو وشانە لە شوێنێکی تریش بەکار بهێندرێن , وەلێ مۆرك‌و شوناسی شێوەزاری رواندزیان دەگە یە نێت.بەو مانایەی رەهەندێکی لۆکاڵی رواندزیان وەرگرتوە. بێگومان لە بەرای هەمووشتێکدا ,دانانی فە رهەنگێکی لەو شێوەیەو هەوڵدان بۆ



کۆکردنەوەو رێکخستنەوەی سەرجەم ئەو وشەو چەمك‌و دەستەواژانەی بە درێژای چەندین ساڵە (رواندز)یەکان وەك شێوە زاری خۆیان بەکاری دێنن,بەمەبە ستی بە زیندوو هێشتنەوەو پارێزگاریکردنیان لە نەمان وهاوکات ئاماژەیەکی فە رهەنگی شاری رواندز, کارێکی یەکجار گرنگ‌و پڕبەهاو نیشانەی دڵسۆزیو پەرۆشی دانەرەکەیەتی بۆشارەکەیو مێژوو فەرهەنگی ناوچەکەی. بەتایبەتیش لە هەڵومەرجێکدا وەك باسمان کرد کەرەنگە تاهەمیشە ئەو وشەو چەمكودەربرینە زمانەوانیانە وەکو خۆیان نە مێنەوە. گرنگی ئەو جۆرە فەرهەنگانە لەوەدایە کە جگە لەوەی دەبنە ئاماژەیەك بۆمێژووی شارەکە, هاوکات رێنوێن‌و نیشاندانی ئەو چەمك‌و دەستەواژانەیە کەتایبەتن بە شاری رواندزو دانیشتوانەکەیو رێساو بنەمای زمانەوانی ناوچەکە بەمەبەستی ئاشنابوون لای کەسانی تر. فەرهەنگی مە

لیخا شێوه فه رهەنگێکە کە تیایدا هەوڵدراوە تیشك بخرێتە سەر بە شێکی زۆری ئەو وشانەی تایبەتن بە خەڵکی رواندز,کە لە میانە ی قسەو دیالۆگی رۆژانە بەکار دەهێنرێت. وێرای ئەوەی کە هەوڵدراوە واتاو مانای زمانەوانی وشەکانو رەهەندی بابەتیوکۆمەلایەتی وشەکانیش شیبکرێنەوە. بەو ئامانجەی بۆ چ مەبەستێك بەکاردەهنرێن. بێگومان هەوڵدراوە لە فەرهەنگەکە هەموو ئەو وشانە راڤە بکرێن کە تیایدا رواندزیەکان بە کاری دە هێنن لە چوارچێوەی پەیوەندی کۆمە لاٌ یە تیانەی ژیانی رۆژانەی خۆیان لە رابردوو تە نانەت لە ئێستاشدا. بە لاٌم بە بۆچوونی من فه رهەنگەکە پێویست بوو زیاتر شرۆڤەی ئەو وشانە بکات کە بە کار دە هێنرێن , چونکە بە شێك لە وشەکان پێویسیان بە لێکدانەوەی زیاتر هەیە لە رووی مانا, یانیش واتایەکی تر دە گە یەنن , یاخود لە ئاستی نووسیندا وەك یە کن بە لاٌم لە رووی



مانادا دوو مانای جیا دە گە یەنن . بێگومان لەمەدا ئێمە گلەیی لە نووسەر ناکەین کە رەنگە وەك پێویست ئاشنای وشەو دە ستەواژەکانو مانا کانیان نە بوو بێت , بە تایبەتی کە ئەو خۆشی لەرواندز دانانیشێتو تەنها بە گوێبیست بوونوکۆکردنەوە هەولّی دانانو رێکخستنی ئەو فەر هەنگەی داوەو تەنانەت لە روانگەی بەرپرسیاریەتیەوە بەرانبەر شارەکەی ئەو کارەی کردوە , کە دەبوایە زۆر بەر لە ئێستا لە لایەن ئێمەی رواندزیەکانەوە ئە نجام درابا. لەو سۆ نگەیەشەوە هەر پێشنیارو سەرنجو تێبینیەك بۆفە رهەنگەکە, ئەوەندەی مە بە ست تیایدا دەولّەمەند کردنی فەرهەنگەکەو بە برشترکردنیەتی , ئەوەند مەبەست رەخنە گرتنو کەمکردنەوە نیە لە کارێکی بە پێزی لەو شێوەیە کە بە دڵنیایەوە دەچێتە خانەی خزمەت بە دانیشتوانی شاری رواندزو مێژوەکەشیو نیشانەی خەمخۆریو پەرۆشی دانەرەکەی دەگە یە

نێت.دیارە دوای ئەوەی چاوم بە فەرهەنگەکە داخشاند , هەستم کرد لە لێکدانەوەی مانای بە شێك لە وشەکان نووسەر جۆرێك لە تێکەڵی کردوە لە نێوان واتاو مانای وشەکاندا, بۆیە بە پێویستیم زانی چەند تێبینیەك لە مروەوە بنووسم بەمەبەستی رونکردنەوەی زیاتری وشەو ماناکانیان , بۆیەشە لە خوارەوە خشتە یەك دەکەینو وشەکانو مانای بە شێك لە وشەکانو لەگەڵ مانای راستە قینەیان دەنووسین:

**لێکدانەوەی بە شێك لە مانای وشەکان**

| **وشە** | **واتا لە فەرهەنگی مەلیخا** | **واتای راست** |
|---|---|---|
| تەرو وشك | تیرو پشك | هەمووی بە یەکەوە |
| خۆشاو | لە گوێزو عە لوکە دروست دەکرێت | تەنها لە مێووژ دروست دەکرێت |



| | | |
|---|---|---|
| خیزاو | چۆراوەی خوێن | ئەو زەرداوە لیچاوەیە لە برین دێت |
| چرپو چار | پیسایی ناو ئاو | درك‌وگیاو سەوزایی ناو ئاو |
| کسك | دونگی سۆرکراوە | قسکە |
| کولك | برین | گرێیەکی رەق لە ژێرەوەی پێست دێت |
| بەیتو الۆر | درێژ دادڕی | ناووناتۆرە هەڵبەستن |
| بیلا مانێ | بێ واتا | عەیب نەبێ، عەیب نەبێ |
| بێزو/ مەگیرانی | رشانەوە | حە زکردن لە خواردنی ناوازەو تایبەتی لە کاتی دوو گیانی ئا فرەتاندا |
| تات | تاتی نوێژ | هەر بەردێك پانو گەورە بێت تاتی پێ دەوترێت |
| دێزە | عیناد | تەنها بۆ ئاژەڵ بە کار دێت |
| قەرێ | گۆشتی سوورکراوە | سوورکراوەو دواتر هە ڵبگیرێت |

| | | |
|---|---|---|
| کۆتره | پارچە دارێك لە سەر ستونی خانو دادەنرێت | دارێکی ستوورو گەورەیە دە خرێتە ژێر نیرگە |
| کۆشك | خانووی دوو ات | خانووی جوانو رازاوە |
| گانگانۆکە | سێکسی نێوان دوو کەس | سێکسی نێوان دوومندالّ |
| دێمی دا | بە کولّهات | بەمانای پشودانیش دێت بە شێوەیەکی کورت لە کاری رۆژانە |
| سەرەکم لێدۆ | وەرە سەر دانم | جارێکی تر وەرەوە لام |
| گەنگەرە | ئاژاوە | کە سێك کە خەلّکی زۆری بە دواوە بێت/قەرە بالغی |
| شینایی | بێستان | بێستان تە نیا بۆ شوتیو کالّەکە |
| چەقەتە | کولاّنی گۆشت | بە کەسێکیش دە وترێت کە زۆر |



| | | |
|---|---|---|
| | | بلّێ بێت/ واتە زۆر رِەو |
| قاپی پەل | قاپی بۆش | قاپی پانوراست |
| بوخچە | پریاسکە | پریاسکە زۆر بچوکترە لە بو خچە |
| زلوکە | زل | دەنکە شخارتە/ زلەگیا |
| نۆردی | پاروو | قەد کردنی نان لە سەریەکتری |
| هەرنگوایە | تێکچووە | هەلّئاوسان/ئەستوربوون/رەشوشین |
| هەرکشێ | برۆئەولای | برۆسەرەوبە دیاریکراوی |

ئەمانە بە شێکن لەو وشانەی کە بە تێروانینی ئێمە راڤەکردنەکەیان بەو شێوەیەیە کە ئاماژەمان پێکرد. کە رەنگە وشەی تریش مابنو ئێمە پەیمان پێ نەبردبن. وێرای ئەمانەش لە رێنووسو نووسینی بە شێك لە وشەکاندا ,دانەری فەرهەنگەکە توشی هەلّە کردن بوە . چونکە ئەو وشانە چ لە رووی فۆنە تیك بێت چ لە رێی نووسین بەو شێوە زارەنینە وەك ئاماژەی پێداون.

بۆنموونه له فەرهەنگەکەدا نووسـراوە(نیمدەر)  کـه بـه شـێوەزاری روانـدزیان بـه مانـای رایـەخ دێـت ,لـه کاتێکـدا  رێنووسـی وشـەکە(نیودەرە) . بۆنموونـه نووسـیویەتی (نیمـداش) کـه بـه مانای( نەزۆر نویێ و نه زۆر کەونیش) دێت, له کاتێکدا رێنووسی وشەکە(نیوداش)ە. بۆ نموونه نووسیویەتی(ئەشکەوت) له کاتێکدا به شێوه زاری رواندزیان پێی دەوترێت(ئەشـکەفت)  رەنگـه زۆری وشەی تریش هەبووبن به لاَم ئێمه هەر تەنها وەك چەند نموونەیەك ئاماژەمـان بەوانـه داوە. جگـه لەمانـەش زۆر دەربرینـی دیکـەی زمانەوانی هەنه کـه تـەنیا تایبـەتن بـه شـێوەزاری رواندزیانولـه فەرهەنگەکـەدا (ئەوەنـدەی ئێمـه درکمـان بەوشـەکان کردبێـت) بوونیان نیه , لێرەوەش ئاماژە بۆ به شێك لەو وشانه دەکەین کـه رواندزیەکان به کاری دێننوله فەرهەنگەکەدانیین:

| وشه | واتاکه ی |
|---|---|
| سمیی | هەڵدێرا/ کەوتن له بەرزایی تایبـەت بۆ ئاژەڵ |
| شریف | تەریسێکی گەورەیه بۆ گواسـتنەوەی کا به کار دێت/ واتا ئالیکی ئاژەڵ |
| شەوین | لەوەراندنی مەروبزن به شەو |
| میل | ئەو شوێنەی له شاخدا راوکەر خـۆی تیاحەشارئەدا |
| قون به دۆشاو | که سێك کـه هەمیشـه خـەڵکی بـه دواوە بێت |
| گازەرەی پشت | بربرەی پشت |
| عوسار | ئـــەو زنجـــیرەی دەخرێتـــه ملـــی گوێدرێژوئەسپ بۆ راکێشانیان |
| بابان کۆر | بەدبەختوچارەرەش |
| زاقوزیق | گریانی بەدەنگوتووندی منداڵ |

| | |
|---|---|
| گاوان | شوانی مانگاو گا |
| تۆپچی | درۆزن |
| چەقە چەق | زۆر مەڵێ / قسەی بێ مانا مەکە. |
| خوا دەوامت بدا | سلاوی کە سێك بۆ یە کێکی تر کە کار دەکا |
| سەر نسکۆ | ساتمە بردن |
| تریتە | وردکردنی نان لە ناو ماست |
| عێل نیە | حیساب نیە/ هەژمار ناکرێت |
| جۆمار | هەڵبەستنی جۆگەی ئاو بەهەرەوەزی |

رەنگە زۆر وشەی دیکەش هە بێتن کە لە دوو توێی شێوەزاری رواندزیان دابێتن , بە لاَم لە ئێستادا بە خە یاڵی ئێمە دانە هاتبن . بە تایبەتیش وەك ئاماژەمان پێدا ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین خەریکی زمانی نەتەوەییمان بەرەو کاڵبونەوەو نەمان



دەچێت چ جای شێوەزارە لۆکاڵیەکان. لێرەوەش کۆکردنەوەی ئەو وشەو دەربرینانە و رێکخستنیان لە دوو توێی فەرهەنگێکدا ئەوەندەی کارێکی بەکۆمەڵە و پێویستە لیژنەیەکی هەبێت , ئەوەندە تاکەکەسی نیە . بۆیە دانانی فەرهەنگی مەلیخا هەولێکی جوانو خەمخۆرانەی دانەرەکەیەتی بۆشارەکەی ,وەجێگەی ستایشکردنو نرخاندنە ,هەموو ئەو بۆچونانەی ئێمەش بە شێکن لە دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە نەك رەخنە گرتنو کەمکردنەوە لە بە ەهای ئەو کارە......

تێبینی/ فەرهەنگی (مەلیخا) فەرهەنگێکی تایبەتە بە شێوەزاری رواندزیان کە بەکاری دێننو برای نووسەر ( ئومێد شێرکۆ) داینا وەو لە لایەن سەنتەری نما چاپکراوە.

## بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما 2010-2011

| ژ | ناوی کتێب | نوسەر یان وەرگێڕ |
|---|---|---|
| 1 | جیهان لەدیدی کۆشنێر | و: شێرزاد هەینی |
| 2 | 1900 تێپەڕیوە | ئیسماعیل کوردە |
| 3 | کوردو ئەرمەن | و: خالید هەرکی |
| 4 | هەڵچونێك لە ئاوێنەدا | زرار سەرتاش |
| 5 | وێنەکانی لەبەر باران ونکردووە! | ئیسماعیل کوردە |
| 6 | رەخنەی پراکتیکی | د. ئەبوبەکر خۆشناو |
| 7 | گۆڵەستێرەکان کوژانەوە/3 | کەریم کاکە |
| 8 | باهیرە | و: رێبین رەسوڵ ئیسماعیل |
| 9 | کوردستان لەسیاسەتی هەرێمایەتیدا | د. کامەران مەنتك |
| 10 | ژن لەجیهانی ئەدەبی شێرزاد حەسەندا | هاوژین حەمەرەشید |
| 11 | لەناو گێژاوی سیاسەتدا | ئیسماعیل کوردە |
| 12 | فەرهەنگی مەلیخا | ئومێد شیرکۆ شاکر مجروم |
| 13 | ماچی یەکەم | کەریم کاکە |
| 14 | کوردەکان | و: ئارام ئەمین شوانی |
| 15 | کوردستانو کوردەکان | و: خالد هەرکی |
| 16 | بروسکەی شوم | محەمەد کەریم نانەوا |
| 17 | گۆڕەپانی واشنتۆن | زیڤار قاسم |
| 18 | قاچێك بۆ شمشاڵ | قاسم شێروانی |
| ***19*** | میوانی ئاو | عەبدولوتەڵیب عەبدوللا |
| 20 | سومای دۆلفینەکان | د. ئەرسەلان بایز |
| 21 | گۆڤاری زاری کرمانجی | شادمان مەلا حەسەن |
| 22 | درەختی خامۆشی | کەریم دەشتی |
| 23 | درەختی درەوشانەوە | کەریم دەشتی |
| 24 | سێبەری خۆتم لێ حەرام مەکە | حەمە عەباس |
| 25 | مرۆڤێکی تر | د. موحسن ئەحمەد عومەر |